# کوشتنی دوعا و مادەی 140

سەیران تەها ئەحمەد
زانکۆی ئێکزیتەر/ بەریتانیا

کارەساتی7 ئەپریل لە گوندی بەحزانی کە لە کوشتنی﴿دوعا﴾دا بەرجەستە دەبێت، یەکێکە لە دەیان و سەدانی تر لە سیناریۆکانی کوشتنی ژنان لە کوردستاندا جا بە بیانوی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە یان هەر کێشەیەکی تری کۆمەڵایەتی بێت. کارەساتەکان زۆرن ئازارەکان سەختر، بەڵام ئەم جارە قێزەونترین و نامۆترین ڕەفتار لە پراکتیزە کردنی شێوازی تاوانەکەیە کە ناخی هەموو تاکەکانی هەژاندوە.

ئەمجارەش تاوانێکی تری ڕەشە کوژی ژنان، بو بە سەرپۆپەی دزێوترین و ناشرینترین تاوانی توند وتیژی کە تا ئێستا ئەنجام درابێت، یەکێك لەسەرسامترین خاڵەکان کە شۆکمان لەلا دروست دەکات کە چۆن خەڵکانی ئاسایی ڕادەوەستن وەك تەماشاکەرێك لە تاوانێکدا بەشدار دەبن، چۆن ڕق و کینە کۆنترۆڵی ویژدان و عەقڵ دەکات، کە چۆن ئاستی هوشیاری گروپێك لە خەڵك و گەنجانی گوندێك بگاتە ئەو ڕادەیەی ڕێگا بە خۆیان بدەن تاوانەکە بەو شێوەیە ئەنجام بدرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم تاوانە تاوانی فیکرە تاوانی کەلتوری کۆمەڵگایە کە ژن کوشتن تیایدا دیاردەیەکی ئاساییە؟

ئەو ڕاستیەی هەموو دەیزانین کورد وەك میللەتێکی ڕۆژهەڵاتی و ژێر دەستە وە لەژێر کاریگەری قورسی کەلتوری داگیرکەراندا بووە، وە ناتوانین ئینکاری لەو ڕاستیە بکەین کەچی خەسڵەتی دواکەوتویی کۆمەڵگای پیاو سالاری و نامۆ هەیە کۆپی کراوەتە ناو کەلتور و داب و نەریتی کوردەوە و کاریگەریەی گەورەی لەسەر بیر و فەرهەنگی کوردی بەجێهێشتوە، کە چۆن تا ئێستا عەقڵی خێڵەکی بنەمایەکی بەهێزی هەیە و ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات وێنەیەکی دووبارەبۆوەیە وتەواوکەری کەلتوریی وولا تانی ناوچەکەیە وە ڕێچکەیەکی مێژوویشی هەیە کەجۆرە شێواندنێك لە دین و کەلتوری پیاوسالاری فاکتە سەرەکیەکانی پێك دەهێنێت؟

وە ئینکاریش لەوە ناکرێت ئەم تاوانە نامرۆییە لە دەرئەنجامی پەنگخواردنی ڕق و هەست بە سوکایەتی پێکردن بووە، ئەوە ڕاستیەکە کە تاوانی کوشتنی ﴿دوعا﴾ تاوانی هەڵچوونێکی سەرسەختیە.

ڕاستیە هۆش و بیرکردنەوە دەوەستێت کاتێك بیر لە دڕندەیی و مردنی ڕۆحی ئەو کەسانەی دەکەیتەوە کە تاوانەکەیان ئەنجام داوە وە یاخود بێ ویژدانی وبێ هەستی مرۆیی ئەو کەسانەی وەستا بن سەیری شێوازی بەرد باران کردن بکەن نامرۆیترین نا تەندروستیترین دیاردەیە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیوە.

هەرچی ووشەیە بووترێت ناتوانرێت بگاتە کەمترین ئاست لە دەربڕینی ئەفسوس و نیگەرانی بۆ ئەم کارەساتە؟

لەگەڵ ئەوەشدا دڕندەیی و نامۆیی ئەم تاوانە چەند بێت نابێت وەرەقەکان تێکەڵاو بکرێت، پێویستە کێشەکان بە ڕووەکانی خۆیاندا بناسرێن لە پێناوی کارکردنی جدی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر ونەهێشتنی ئەم دیاردەیە؟ بەڵام لە هەمان کاتدا گەورەترین تاوان ئەوەیە کە بێڕێزی بەرامبەر بە گروپێك لە میللەتەکەمانەوە بکرێت، وە نابێت ئەم تاوانەی کە چەند کەسانێکی ناحەز و بێویژدان ئەنجامیان دابێت تەنانەت ئەگەر نزیکترین کەسانی نزیکی تاوان لێکراوەکەشی تێدا بێت، گشتاندنی پێ بکرێت وهەموو یەزیدیەکان بگرێتەوە کە یەزیدیەکان بە دوژمن و نامۆ سەیر بکرێن ؟ وەیان ناسنامەی کورد بونیان لێبسەنرێتەوە؟

سەرزەنشتی کردنمان بۆ ئەم کارەساتە لە ڕوانگەی بەربەریی و نامرۆیی کارەساتەکەیە، نەك لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئایا سەر بە چ ئاینێك بووە یاخود ئایینەکەی گۆڕی بێت یان نا، بەڵام هەقە بپرسین ئەم تاوانە بۆچی بەم شێوە

دڕندانەیە ڕوویدا؟ ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم تاوانە دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆ و درێژکراوەی ئەو تاوانە گەورەترە بووە کە لە 15 فێبریوەری لە شێخان ڕوویدا، تاوان هەر تاوانە بەڵام کاتێك تاوانێك بە تاوانێکی تر وەڵام دەدرێتەوە بێگومان ناشرینتر و دڕندەتر دەبێت؟ وە نابێت تاوانێکی کۆمەڵایەتی بقۆزرێتەوە ئامانجێکی سیاسی دوژمنکاریانەی پێ ئەنجام بدرێت، وە نابێت هەست و سۆزمان بەسەر بیرکردنەوەی ژیرانەدا زاڵ بێت، وە نابێت هەڵچوونەکانمان بگاتە ئەو ئاستەی کە گەورەترین زیان بە بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان بگەیەنین.ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەم تاوانە دەرئەنجامێکی پچوکی سەرگرتنی پیلانێکی هەرێمایەتی و ناخۆیی بێت کە بە هەموو لایەك هەوڵ دەدەن بۆ لەبار بردنی ئەزموونی کورد و تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لایەنی یەکەم تورکیا و سوریا کە ڕۆڵی باڵای تێدا دەبینن بە هاوکاری ئیقلیمی وە عەرەبی سوننە و چەند لایەنێکی شیعی لە عێراقدا کاری تێدا دەکەن؟ چونکە ئەمڕۆ کوردستان لە ترسناکترین قۆناغدایە لە هەستنە سەر پێی و چەسپاندنی داواکارییەکانیدا، ئەوەی ئاشکرایە ئەم پیلانە ئێستا کاری بۆ نەکراوە، هەرچەندە قەتل و عامی یەزیدیەکان ڕێچکەیەکی مێژووی هەیە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، بەڵام ئەم پیلانە لە یەکەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی دەستوری عێراقدا کاری بۆکراوە کەچۆن وویستیان شەبەك و یەزیدیی بە جیا لە کورد ئاژمار بکرێن؟ وەك کەمینەیەکی نامۆ پچوك حسابیان بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگە لە بیرکردنەوەی کورد بگرن بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە. لەبەر ئەوە دەبێت ئاستی ووشیاری کورد زۆر لەوە باڵا تر بێت کە لە سەدەی بیست و یەکدا لەڕێگەی پیلانە ئاشکراو پشت پەردەکانی کەمالیستە میراتگرەکانی عەرشی عوسمانلیەکانی سەدەی نۆزدە وسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، ڕانەکێشرێت بەرەو زۆلکاوی تاوانی شەڕی کورد کوژی، دەیانەوێت سیناریۆیەکی تر لە تاوانی قەتلو عامی ئەرمەنەکان بە کوردی دووبارە بکەنەوە، بەڵام ئەم جارەیان هەوڵ دەدەن لەڕێگەی قۆزتنەوەی سۆزی ئایینی زۆرینەی خەڵکانی سادە، کەلێنێك لە جەستەی کورد دروست بکەن و ببنە بەربەستێك بۆ نەگەڕانەوەی ئەو ناوچانەی دەوروبەری موسڵ بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە چۆن ئێستا لە دوا ساتانەکانی جێبە جێکردنی مادەی 140 دایە، هەرچی هەوڵەکانە خراونەتەگەڕ بۆ لەباربردن و شکست پێهێنانی ئەم مادەیە، مێژوومان شایەتی ئەو ڕاستیەیە دەدات کە چۆن پیلانە گڵاوەکانی داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لە کەلێنی ئایینەوە سەرکەوتووبوە، وە چۆن توانیویانە شکست بە میرنشینە کوردییەکان بهێنن لە ڕێگەی فتوایەکی کۆلکە مەلاکانەوە خەڵکانی سادە لە ئەماراتەکانی خۆیان هەڵبگەڕێننەوە و پشتیان تێبکەن.ئێستاش دووبارە بوونەوەی هەمان سیناریۆیە ئەوەتا ئەو دەستکەوتانەی کە هەڵپەسێنراون لە دەستوردا کە هەموو خەبات و قوربانیەکانمان خستە پێناوی بۆ جێبەجێکردنی، کەچی خەریکە بە پیلانێکی دوژمنکارانە گروپێکی ڕەسەن لە ناسنامەی کوردبوونیان پاشەکشە پێ بکەن، لە ڕێگەی دروستکردنی شێوازێکی نوێ لە دووبەرەکی و ناکۆکی ئایینی لەنێوان کوردا، نموونەی مۆدێلی بە ئەفغەنە کردن و کۆپیەکی شەڕی مەزهەبی شیعە و سونە لە کوردستاندا پەیڕەو بکەن؟ لەلایەکی ترەوە زویر کردنی یەزیدییەکان کەهەست بکەن نامۆ بن بە کورد وە لە کوردیان بکەن، وە ئەوەی ڕاستی ئەم بۆ چوونانە دەسەلمێنێت ئەوەتا ڕێکخراوێکی تیرۆرستی قاعیدە ئەم مەسەلەیە دەگرێتە خۆ، خۆی دەکات بە دەم ڕاستی کورد بڕیاری تۆڵە سەندنەوە دەدات؟ تاوانی کوشتنی 23 کرێکاری یەزیدی ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرگێکی ئایینی بە بەری تاوانە نامرۆییەکانیاندا بکەن؟ وە لەو ڕێگەیەوە قەتل و عامی یەزیدیەکان دەست پێبکەن؟

ئەو خاڵەی گومانەکانمان لەلا دەکات بە یەقین، وێنە گرتنی تاوانەکەیە، کە ئەمە تەنها لە ئەخلاق و فەرهەنگی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی{امن و استخبارات}ی ڕژێمی فاشی بەعسی دوێنێ قاعیدەکانی ئەمڕۆ و وە شێخ زاناکانی هاوکاریانن، وە تەنها لەوان دەوەشێتەوە کەچۆن لە کەناڵەکانی جەزیرەو زوراوە فلیمی سەربڕینەکانیان پەخش

دەکەن، کە هەموو مەبەستیشیان تۆقاندن و ئابڕووبردنی کورد بێت.ئەی ئەو پۆلیسانەی کە لەوێدا وەستا بن ڕەنگە هەر هەمان (ڕەفیق حزبی) و (فدائیەکانی سەدامن) کە لە سایەی شەڕی تایفی شیعە و سوننە بە پاڵپشتی ئەمەریکا هەموویان گەڕێنرانەوە ناو سوپای عێراقی، هەر ئەوانن کە شارەکانی بەغداد و باشور و ناوەڕاستی عێراقیان کردووە بە دۆزەخ و ڕۆژانە دەیان کاری تەقاندنەوە ئەنجام دەدەن، وە ڕەنگە وەستانی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکە هەر وەك وەستاندنی ئەو 200 گوندنشینە پاکستانیە بێت کە چەند بێ هەڵوێست بوون لە کاتێکدا 4 تاوانکار لەبەرچاویاندا دەست درێژی بەکۆمەڵیان کردە سەر (موختار مەی)، پاشانیش دایك و باوکیشی ناچارکران بەو شێوەیە بە گوندەکەشیاندا بیگەڕێنن، تەنها لە باجی ئەوەی براکەی پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کچی ئەو خانەوادەیە هەبوە.

زۆر ڕێی تێدەچێت ئەو کوڕە عەرەبەی پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ ﴿دوعا﴾دا هەبووبێت بە تایبەتی نێرابێت بۆ ئەوەی بەهەمان شێوە تۆڵە بسەننەوە؟ کە چۆن دەبێت کچی موسڵمان لەگەڵ کوڕی یەزیدی هەڵاتبێت، ئەوا دەبێت هەمان سوکایەتی بەیەزیدی بکرێتەوە؟

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە کە کەسانی ناو حیزب و گروپە ئیسلامیەکان ڕۆڵێکی ناتەندروست دەبینن، لە گۆڕینی ئاراستەی مەسەلەکە و شکاندنەوەی بە لایەنی ئاییندا؟ بە وورووژاندنی سۆز و ڕۆحی ئایینی، کە گوایە ئەم تاوانە تەنها لەسەر ئەوەیە ﴿دوعا﴾ بووە بە ئیسلام ؟ئەی بۆ نەڵێین لە تاوانی کوشتنی﴿دوعا﴾دا بەو شێوەیە، کەسانی ناو ئەو عەشیرەت وگروپە ئیسلامیانە بەر پرسیارن و تاوانبارن کە چۆن لە (تاوانی ڕەدووکەوتنی ژنێکی موسڵمان کە دوو کوڕی یەزیدی یارمەتیاندا بۆ دەرباز بوون لە توندوتیژی))، هێرشیان کردە سەر ماڵی میر و بنکەی لالش و کەلتوری میللەتێکیان سووتاند، جگە لە زیانی مادی و سوکایەتی پێکردن بە موقەدەساتی گروپێك، کە ئەمە گەورەترین تاوانە نەك بەرامبەر بە تاك بەڵکو بەرامبەر بە کۆمەڵێك؟ ئەم تاوانە گەورەترین ئازاری ڕووحی دروست کرد، کە ئەمە ڕەنگە یەکێك بوو بێت لە هۆکارە سەرەکیەکان، کە ئەو تاوانبارانە بە ڕۆژی ڕووناك و بە قۆستنەوەی بۆشایی سیاسی لەو ناوچەیەدا، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە ئەم تاوانەیان ئەنجام دا بێت.

بەڵام کێ دەڵێت ئەو ژنە موسڵمانەی شێخان لە ﴿دوعا﴾ خراپتری پێنەکرابێت؟ کێ دەڵێت ئەویش بە بلۆك و بەرد نەکوژرابێت یان ڕەنگە گۆشاو گۆش سەربڕابێت، وە یان بەختەوەر بووبێت بەر ڕێژنە بارانی گوللە کەوتبێت؟

ڕەجم کەلتورێکی پەیڕەکراوی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی بووە، وە بەردەوامی وەرگرتوە، ڕەجم هەر ڕەجمە جا لە هەر کەلتور و ئایینێکدا بێت، وە نابێت ئەم ڕەجمە بە تاوان دابنرێت و پاساو بۆ ڕەجمەکانی تر بهێنرێتەوە، ئەوە ئەرکی هەمووومانە بەیەکەوە دژی هەموو جۆرە ڕەجم کردنەکان بوەستین کە ئێستا لە یاسا و سیستەمی هەندێك لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتدا پەیڕەو دەکرێت، ڕەنگە ئەو گروپانەی ئەمڕۆ فرمێسکی تیمساحی بۆ ﴿دوعا﴾ دەڕێژن سبەینێ دەسەڵات بگرنە دەست لە﴿دوعا﴾کان خراپترمان پێبکەن؟

ئەم ڕاستیانە بە هیچ جۆرێك پاساو هێنانەوە بۆ تاوانکارییەکە نیە، بەڵکو تەنها بۆ تێکەڵاو نەکردنی وەرەقەکانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر چەخت کردنە لەسەر ئەوەی دەبێت تاوانباران بەتوندترین سزای خۆیان بگەیەنرێت،نەك تەنها بە ڕێپێوان و دەرکردنی بەیاننامە کۆتایی پێبهێنرێت. چونکە ئەم تاوانەی بەرامبەر بە ﴿دوعا﴾ کرا دەتوانین بڵێین تاوانی سوڵحی عەشائیرییە و ئیفلیج بوونی سیستەمی دادگایە لە کوردستان، کە چۆن ئەو هێز و متمانەیەی نیە بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ دەبێت لەگەڵ بکوژدا سوڵح بکرێت ئەمە گەورەترین پشت شکاندن ولەدەستدانی متمانەی هاووڵاتیە بە یاسا و حکومەت.گەر تاوانبارانی مەسەلەی شێخان بە سزای خۆیان بگەیەنرایە، دادگا باڵا دەست بوایە، ڕەنگە ئەم ئەنجامەی لێنەکەوتایەوە؟ ڕەنگە پرسیارێکی زۆر مەنتیقی بێت بپرسین کێ بەر پرسیارە لە چارە نووسی هەموو دوعاکان و وە دوعاکانی داهاتوو؟ ڕەنگە پرسیارێکی

قورس بێت ئەگەر بڵێن ئایا چ گروپێك چ دەستەیەك توانیویەتی کاری ویژدانی و ئەخلاقی خۆیان لە کۆمەڵگادا ئەنجام دابێت؟
دەبێت هەموو ژنێکی کورد ئەوە چاك بزانێت کە لە هەر پۆست و ئاستێکدا بن تەنانەت زۆرێکیش لەوانەی لە دەرەوەی کوردستانیشن کە هەمیشە دەبێت ملکەچی چەقۆکانی کۆمەڵگا بن، لە ژێر بەزەیی چەقۆ و بەرد وەشێن و لووتبەرزەکانی کۆمەڵگا بن، کەی ویستیان نەعلەتی خۆیان دادەبارێنن و لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا ناکرێت.
ئەم تاوانە تاوانی کۆمەڵگایە، کۆمەڵگایەك تۆڵە سەندنەوە و کوشتنی ژن پێوەری شەرەف و ئازایەتی بێت، تاوانێکە کە شەرەفی پیاوەکان لە سەرکووتکردنی ژنان و تەنها لەڕوانگەی سێکسەوە دەبینرێت، دەبێت پێوەری شەرەف لەم کۆمەڵگایانەدا گۆڕانکاری بەسەردابێت، کە چۆن هەمیشە ژنان دەکاتە خۆراکی ناکۆکیە مەزهەبی و تایفیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان.
بەڵام لەگەڵ گەورەیی ئەم کارەساتەدا بەرپرسیاری یەکەم لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە و ڕێگەنەگرتن لێی لە پێش ڕووداوەکان ، وە دەرئەنجامی دوای ڕووداوەکان، وە دەیان و سەدان ڕووداوی تری توند وتیژی دژی ژنان ئەوانەی ڕوویانداوە لە ماوەی دەسەڵاتی کوردیدا وە ئەوانەی کە ڕوودەدەن لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان تیایدا بەرپرسی یەکەمن، وە هەموو گەورەیی و دزێویی ئەم کارەساتانە لە دووخاڵی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە، خاڵی یەکەمیان (سەروەری یاسایە)، گەر یاسا سەروەر بێت دەتوانرێت ڕێگە لە هەموو ئەم نەهامەتیانە بگیرێت. وە خاڵی دووەم لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتەوە دەست پێدەکات، کە کاریگەریی ڕاستەقینەی دەبێت لە داهاتووی ژناندا وەئەرکی مێژوویی پەرلەمانە کە گوێ لە داواکاری خەڵك بگرن و ئەم هەنگاوە بنێت، لە هەمان کاتدا ئەرکی ئەخلاقی و ویژدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژنانە لە کوردستاندا بە تێکرا کە پەرلەمانی کوردستان ناچار بکەن پرۆژەی یاسایەك قبوول بکات دژی ژنکوژی و توندترین سزا بەسەر تاوانباراندا بدرێن لە هەر ئاست و پۆستێکدا بن، وە نابێت ڕێگا بدرێت لە کوردستاندا دیاردەیەك هەبێت ناوی {سوڵحی عەشائیری}بێت.وە بە هەموو شێوەیەك سوڵحی عەشائیری قەدەغەبکرێت، وە تەنانەت بۆ سەرۆکی هەرێمیش نەبێت ئەم دەسەڵاتەی هەبێت، شەرعیەتی بڕیاردان تەنها دەسەڵاتی دادگا بێت، لە هەمووی کارەستبارتر کاتێك دەسەڵات بەرگری پێنەکرێت و دەستەوسان بێت بەرامبەر بە یەکالاکردنەوەی کێشەکان ڕێگە بە شەریك بەشێکی تر بدات بەشدار ببێت لە چارەسەرکردنیدا.ئێستا کوشتنی ژنان لە کوردستان گەورەترین ڕێژە بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە سوڵحی عەشائیری بووە بە جێگرەوەی یاسا وە بەشێك لە فەلسەفەی دەسەڵات، سوڵحی عەشائیری واتە ڕازی بوون بە کوشتنی ژنان و مساوەمە کردن لەسەر نرخی خوێنی ژنان.
هەمیشە دەڵێین لە مەسەلەی نەهێشتنی توند و تیژی دژی ژناندا بۆ میدیای کوردی دەوری خۆی ناگێرێت؟
وەیان بوونی ئەو هەموو ڕێکخراوە ناحکومیانەی و ڕێکخراوەکانی ژنان کوردستاندا کار دەکەن ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان لە زیاد بووندایە،بەڵام ئایا چ گۆڕانکارییەکیان لە سیستەمی پەروەردە و لە بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتیدا ئەنجامداوە؟ هۆکارێکی سەرەکی تر کە پێویستی بە ڕاوەستان هەیە، نەبوونی متمانەیە و نەبوونی پەیوەندیەکی وابەستە لەنێوان خودی ڕێکخراوەکان و هاوولاتی ئاسایدا کرۆکی کێشەکانە؟ کەهیچ کاتێك ئەمانە بەپشت یاخود بەهێزێکی فشارییان دانانێن کە بتوانن گۆڕانکاری ئەنجام بدەن، تەنانەت زۆرێك لەوانەی خۆیان ڕێکخراوەکەیان دروست کردووە یان کاری تێدا دەکەن تەنها مەبەستیان دەستکەوتنی سەرمایە و دۆزینەوەی کارێك وەك کۆمپانیایەك زیاتر تێ ناپەڕێت.
گەورەترین خەمی ئێمە کە چۆن ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەم ڕووداوانە بگیرێت و جارێکی تر لە کوردستاندا کارەساتی لەو چەشنە ڕوونەدەدات. ﴿دوعا﴾ نە یەکەم و نە دوا ژنی کورد نیە سوکایەتی پێکرا بێت، بەڵام سوێ و

**ئازاری ﴿دوعا﴾ هەموو سنورەکانی بەزاند؟ ئەوەی جێگەی مەترسیە کە ڕۆژانە دەیان ﴿دوعا﴾ لە کوردستان ئەتك دەکرێن و باس ناکرێت و یان شاراوەن، وە ژن کوژە قارەمانەکانیش گەر سەر بە عەشیرەت و خێڵ بن، ئەوا زمانی هەڕەشە و زەبری پارە ئەڵتەرناتیفی سزا و تاوانەکانیان دەبێت . کەواتە یەکێك لە هەنگاوە جدیەکان بۆ پراکتیزە کردنی بن بڕکردنی دیادەی ڕەشەکوژی ژنان، پێویستە ئەو بنەمایانەی کۆمەڵگا هەڵ بتەکێنرێت جا لە هەر کوێوە سەرچاوەی گرتبێت، وە بە توندترین یاسا بوەستێنرێت. وە دەبێت دەسەلأت بە شەفافیەت قسە و هەڵوێستی لەسەر مەسەلەی ژنانی هەبێت نەك چاوپۆشی لێبکات بەپێ بەرژەوەندی و ڕوانگەی حیزبیەوە سەیری کێشەکان بکات و مجامەلاتی سیاسی و عەشائیری لەسەر حسابی چارەنووسی ژنان ئەنجام بدات، چونکە هەموو دەرئەنجامێکی نێگەتیفانە لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و ژناندا دەسەڵاتی کوردی لە هەموو کەسێك زیاتر باجەکەی دەدات لە کەم کردنەوەی شەرعیەتی سیاسی و لەکەدارکردنی ناوبانگ و سەنگی دەسەڵات و خستنە ڕووی وێنەیەکی نامۆ و نا شارستانی حکومەت تا دەگاتە تەنگ پێهەڵچنیان لەلایەن گروپ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ بۆتە ستاندار لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، چەسپاندنی ئاشتی وئاسایش و ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان ؟ئەمڕۆ دەزگا نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نا حکومیەکانی جیهان زۆر گرنگی دەدەن بە مامەڵە کردن لەگەڵ دەسەڵاتێکی نیزامی ودامەزراوەیی کە سەروەری یاسای تێدا بەرقەرار بێت، کەواتە شەڕی حکومەت دەبێت شەڕی متمانە و بەهێز کردنی یاسا بێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی ببێتە فەرهەنگ وە بنەماکانی دیموکراتیەت بسەپێنرێت ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەرەو دروست بوونی دەوڵەت ودەوڵەتی یاسایی بڕۆین، ئەمەش لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە دەسەڵاتی حیزبی دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەیی(موسسات)ی؟**

**د ەبا کوشتنی دوعا خاڵی وەرچەرخاندن و بەخۆدا چوونەوەی هەموو پیاوی کورد بێت، وە هەڵتەکاندنی بنەماکانی پیاوسالاری و واز هێنان و قەدەغەکردنی کوشتنی ژن و خوشك و کچەکانتان بێت.**